www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 27-6-2007 16:44

## هونەرمەند هادی مەهدی: زنجیرەی درامای (ئاریا) نمایش دەکرێتەوە.. ! تایبەت بە کوردستان نێت

پاشنیوەڕۆی 2007/6/27 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا (هادی مەهدی) خاوەنی بیرۆکە و دەرهێنەری درامای (ئاریا) ڕایگەیاند کە بە تەحەداوە دەڵێم زنجیر درامای (ئاریا) بەتەواوەتی نمایش دەکرێتەوە، لەم بارەیەوە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە نامەیەکی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی کەناڵی کوردسات کردووە و پێی ڕاگەیاندوون کە دەبێت لەماوەی 24 کاتژمێردا بە ڕەسمی پۆزش بۆ سەرجەم ستافی زنجیرکە بهێننەوە، هەروەها ئەوەش ڕادەگەیەنم کە ئێستا تەواوی زنجیرەکانی ئاریا ڕەوانەی وڵاتێکی ئەورووپا کراون و لە دەستێکی ئەمیندان



بۆیە کوردسات ئێستا سی ڕێگەی لە بەردەمدایە:

1. یان دەبێت کوردسات تەواوی دراماکە نمایش بکات بەبی لابردنی دیمەنەکان.
2. یان ئامادەم لە کوردساتی بکڕمەوە بە هەشت دەفتەر و نیو دۆلار (کە خۆیشی ئەوەندەی تێچووە) .
3. یان ئەو درامایە بفرۆشنەوە بە کەناڵی ڕۆژهەڵات بە دە دەفتەر دۆلار.

ئەگینا من لە ڕووی یاساییەوە مافی بڵاوکردنەوەی دراماکەم هەیە چونکە من کارمکردووە بۆ کوردسات بۆ ئەوەی بڵاوی بکاتەوە نەك (حیجز) ی بکات.
لەوەڵامی پرسیارێکیشدا، هادی مەهدی وتی: من لە زنجیرەکەدا کارم لەسەر هەمان ستراتیژ و سیاسەت کردووە کە ینك و حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق کردووە کە ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە، ئیتر تێناگەم کوردسات چۆن دەڵێت ئەمە لەگەڵ ستراتیژی کەناڵەکەمان ناگونجێت!؟
بەڕاستی هەڵوێستی کوردسات کە یەکەمین کەناڵی سەتەلایتە لە مێژووی عێراقدا زۆر بچوك و لاوازە و بەمەش (مێداقییەت) ی لەدەستداوە کە گرنگترین ڕەگەزی کەناڵێکی ڕاگەیاندنە، لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە کوردسات بێدەنگ و هەڵوێستە بەرامبەر بەو هەڵمەتە گەورەیەی بۆ پشتگیری لە نمایشی (ئاریا) و پرسیارگەلێکی گەورە لە کوردسات دەکات!؟ یان ئەوەتا گوێنادات بە قسەی خەڵك و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان یان ئەوەتا تەواو بێئاگایە لە هەستی شەقام.
ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد کە ئەگەر ئەمڕۆ مەلاکان فشار بکەن بۆ ئەوەی زنجیرەیەك ڕاگرن، ئەوا سبەینی گۆرانیش ڕادەگرن و سەما و مۆسیقاش حەرام دەکەن، بۆیە دەبێت ئەو مەترسییەمان لە بەرچاوبێت.
دەرهێنەری (ئاریا) ئەوەی ئاشکراکرد کە لە مانگی یەکی ئەمساڵ دراماکەی پێشکەش بە لیژنەی پشکنینی کوردسات کردووە و پاش پشکنین لێیان نووسیوە بۆ دابەزین ناشێت، پاش چەند مانگێك ستافی دراماکە نامەیەکیان ئاراستەی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم کرد و داوایان لێکرد کە لەماوەی 10 ڕۆژدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نمایشی دراماکە بکەن یان بیفرۆشنەوە بە ستافەکە یان لە بەردەم کەناڵەکەیاندا ماندەگرن، پاش دوو ڕۆژ وەڵامدراینەوە بەوەی نمایشی دەکەن بە مەرجێك لە کۆی (1050) دیمەنی دراماکە (15) دیمەنی لی لابرێت، قایل بووین، ئەوەی مایەی سەرنج بوو ئەوەیە کە ئەو دیمەنانەی لابران ڕەخنەبوون لە بەرپرسانی حیزبی و حکومیی نەك مەلا و ئاین!؟کەچی هەر 4 زنجیرەیان پێ نمایشکرا و کەوتنە ژێر فشاری مەلا و بەنامەیەکی (م.س) ینك زنجیرەکەیان ڕاگرت.

هادی مەهدی ڕایگەیاند کە ئێستا پشتگیرییەکی تەواو لە (ئاریا) هەیە لە نێو ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و خەڵکانی ئاسایی و تەنانەت کارمەندانی کەناڵی کوردسات، ئەو کارمەندانەی کوردسات کەم نین کە ناڕازین لە کەناڵەکەیان و بیر لە دەستلەکارکێشانەوە دەکەن، پێویستە ڕێز لەم دەنگانە بگیرێت و ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی کوردساتدایە.

سوپاسی هەموو ئەوانەشی کرد کە بەردەوام پشتگیری لە ئاریا دەکەن و بە تایبەتیش سایتی کوردستان نێت کە ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت، هەروەها کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕادیۆیی و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ کە ڕۆڵی گەورە بۆ داکۆکیکردن لە ئاریا دەگێڕن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.